# شیعەی عێراق سەددامی سوننیان لەسێدارەدا

ڤینۆس فایەق
venusfaiq@gmail.com

37 ساڵ لە تەمەنی حوکمڕانی کابرایەکی تینوو بە خوێنی خەڵکی سادە و سیڤیلی بێ تاوانس وڵاتێکی دەوڵەمەند بە نەوت و کانزا و ئا و کشتوکاڵ ، 37 ساڵ لە تراژیدیای قڕکردن و لەناوبردن و توانەوە و کوشتنی هەموو بەهامرۆڤایەتیەکان ، ماوەی حوکمڕانی سەددام حوسێنی دیکتاتۆر و شۆڤێنی سەردەم بوو..

ئەو کابرایەی تەنها جەستەی نەیار و ئۆپۆزیسیۆنەکانی لەسێدارنەدەدا ، هەموو بەها و خەسلەتە مرۆڤایەتی و رۆحیەکانی ئادەمیزادی کورد و عێراقیەکانی لە سێدارەدەدا ، ئەو کابرایەی تەنها خوێنی ئادەمیزادەکانی نەدەڕشت ، بەڵکە خوێنی هەموو کایە ئەخلاقی و فیکریەکانی ئادەمیزادی عێراقی بە تاک و کۆمەڵ دەرشت ، تەنها ئینسانی لەسێدارە نەدابوو ، بەڵکوو هەموو بنەما فیکری و فەلسەفی و سیاسی تاکی عێراقی لەسێداردابوو ، تەنها جەستەی ئادەمیزادی کوردی بە کۆمەڵ لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان نەنابوو ، بەڵکە هەموو کایە مەعریفی و زانستی و کولتووریەکانی کورد و عێراقی لە گۆڕی بەکۆمەڵ ناشتبوو ، ئەو کابرایەی سڵی لە هیچ شتێک نەدەکردەوە ، بەتەنها دەستی کوشتنی نەگەیشتبووە ئادەمیزاد بەڵکە هەموو بونیادی پەروەردەیی و سایکۆلۆژی ئادەمیزادی کورد و عێراقی کوشتبوو ، ژێرخان و سەرخانی ئابووری سەرتاپای عێراقی خستبووە خزمەت بەئامانج گەیاندنی پرۆژە و پلانە گڵاو و نەگریسەکانی کە مەبەست لێی تواندنەوەی سەرتاپای میللەتەکەی بوو ، ئەو بۆ ئەوە نەهاتبوو حوکمڕانی بکات ، بۆ ئەوە هاتبوو وێرانکاری بکات ، و تەنها گوند و شار و شارۆچکەکانی وێران نەدەکرد ، بەڵکوو بینا و هەیکەلی کەسایەتی مرۆڤی عێراقی وێران کردبوو و لە خشتەی بردبوو ، کابرایەک بوو پڕپڕ لە کین و حیقد و ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە ، تۆڵە سندنەوە لە هەموو شتێک ، تەنانەت لە سروشتی وڵاتەکەی ، ئەوەبوو بەبەهانەی راونانی پێشمەرگە شاخ و گوند دێهاتە جوانەکانی کوردستانی چەندین جار وێران کرد و رووخان و سووتاند ، بەبیانووی راونانی شیعە چەندین گوند هۆڕەکانی خوارووی عێراق وشک پێکرد و سووتاند ، چەندین زانا و لێهاتووی کوشت و راونا بەرەو مەنفاکانیان لە دەرەوەی عێراق...

ئەو کابرایەی ماوەی 37 ساڵ حوکمێکی ئاسنینی بەڕێوە برد هیچ جیاوازیەکی لە نێوان سوونە و شیعە و مەزهەبەکانی تردا نەکردبوو ، هەروەها لە نێوان کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشووری و کلدان و هەموو نەتەوەکانی تردا نەکردبوو ، هەرهەموو لەچاوی ئەو دیکتاتۆرەدا شایستەی کوشتن و برین و لەسێدارەدان و تەفروتووناکردنبوون ، سەددام بەبێ جیاوازی خەڵکی ئەکوشت و لەسێدارە ئەدا ، و سزای مردنی هەمیشە ئامادە کراوی هەبوو بۆ هەموو کەسێک بە ویست و ئارەزووی خۆی لەناوی بەرێت..

ئەوەی روویدا هەر لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆسەی دادگاییکردنی سەددام حوسێن و شەش لە داروودەستەکەی ، هەرهەمووی شانۆگەریەک بوو ، پلانێکی پوخت و ئامادەکراوی شیعە بوو بۆ ئەوەی پیشانی جیهانی بدەن ئەوان دوای دادگایی کردن سەددامیان لەناوبرد و سزایان دا ، بەڵام لەڕاستیدا پرۆسەی لەسێدارەدانەکەی سەددام حوسێن بەو شێوازەی کە بینیمان هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆینەبوو لەگەڵ ئەوەی سەددام لەگەڵ نەیارەکانیدا ئەیکرد و بە ڤیدیۆ وێنەی ئەگرتن ، و ئەوەبوو سەدان شریتی ڤیدیۆی لەو جۆرە کەوتنە بەردەستمان دوای رووخانی رژێمەکەی... دەبوو

شیعە زۆر لەوە ژیرانەتر پلانەکەی بۆ تۆڵەسەندنەوە لە سەددامی دیکتاتۆر مامەڵەی لەگەڵ وردیکاریەکاندا بکردابا.. ئەوان یەکەمین هەڵ کردیان ئەو جۆرە لە سێدارەدانە تەسک و تایەفەگەریەی بۆیان سازدا ، ئەو ڕێورەسمەی کە تەواو لە ڕێورەسمی گوشتنی نەیارەکانی سەددام ئەچوو لەسەر دەستی سەددامی خوێنڕێژ خۆی..

پرۆسەی لەسێدارەدانەکە هەر لە پرۆسەی تۆڵەسەندنەوەیەکی عەشایەری شیعە ئەچوو ، نەک لەسێدارەدانی دیکتاتۆرێکی گەورەی خوێنڕێژی وەکوو سەددام حوسێن ، هەر لە لەسێدارەدانی کەسێکی ئاسایی بە تاوانێکی ئاسایی کە کەسێک یان دوانی تیا بووبنە قوربانی ئەچوو ، نەک لە پرۆسەی لەسێدارەدانی ئادەمیزادی تینووی خوێنی وەکوو سەدامی شۆڤێنیە ، کارێک بوو مەبەست لێی تۆڵەسەندنەوەی شیعە لە سەددامی سوننی بوو ، نەک بەرجەستەکردن و جێبەجێکردنی عەدالەت ، هەر لە پەیامێکی شیعی ئەچوو بە نەتەوەکانی تر بڵێت ئەوەتا شیعە ئاوا ئەتوانێت سزای ئەو کەسانە بدات لە شیعە ئەکەون ، ئیدی گرنگ نیە ئەو دیکتاتۆرە لە کوردی کوشتبێ ، یان لە تورکمان ، یان لە نەتەوەکانی تر ، تەنها ئەوەی بەلای شیعەوە گرنگ بوو ئەوەبوو بەدەستی ئەوان لەسێدارەبدرێت ، نەک بەدەستی بۆنمونە کورد..

لەسێدارەدانەکەی سەددام بۆەو شێوازە گەلێ لێکدانەوەی بەخۆوە بینی لەوانە:

- لەبەر ئەوەی هەمیشە سەددام ئەوانەی لە عەرەب لەسێدارە ئەدا کە هەوڵی کورسی دەسەلاتیان ئەدا ، بۆیە ئەوانەشی سەدامیان لەسێداردا هەر ئەوانەبوون کە پێشتر لە لیستە ڕەشەکەی سەددامدا بوون بۆ لەسێداردان ، بەتۆمەتی ململانێیان لەگەڵی لەسەر کورسی دەسەلات نەک نەیاری دلسۆزی ڕاستەقینە بە خاک و نیشتیمان ، خەڵک و جەماوەر سەددامیان لەسێدارە نەدا ، خەڵکی دەسەلاتدار سەددامیان لەسێدارەدا ، ئەوانەی لابردنی سەددام و لەسێدارەدانی تەنها مانای دەستکەوتنی دەسەلات بوو بۆ ئەوان..
- لەبەر ئەوەی سەددام لەناو عەرەبدا زیاترین توێژ ، یان زیاترین مەزهەب کە ولای نابوون و لەدەسەلات دووریخستبوونەوە ، و لەپەراوێزی نابوون ، مەزهەبی شیعەبوو ، بۆیە هەر ئەو چینەبوو کە سەددامیان لەناوبرد ، نەک میللەتی زەرەرلێکەوتوو بە ئینتیماکانی ترەوە...
- هەروەک ئەگێڕنەوە گوایا عەبدولکەریم قاسم و 21 ئەفسەری هاوەڵی لە ڕەمەزاندا بە زمانی بەڕۆژوو کوشتوون ، و لەبەر ئەوەی بەبێ هیچ جیاوازیەک لە هەموو ڕۆژە پیرۆز و بۆنەکاندا ، بەتایبەت بۆنە ئایینیەکاندا کوژراو و شەهیدەکانی ناردۆتەوە بۆ کەسوکاریان ، بۆیە شیعە وای بەباش زانی بەپێی بیردۆزی (العین بالعین و السن بالسن ، و البادیء ئەزڵەم)ی لەگەڵدا بکات و لە یەکەم ڕۆژی جەژنا لەسێدارەی بدات ، بەهانەش بۆ ئەوە ئەوەیە بەتاوانی دوجەیل کە 148 شیعەی تیا کوژراوە سزای لەسێدارەدانی بەسەردا جێبەجێکرا ، ئەو تاوانەی سەددام کاتێ ئەنجامیدا لەبۆ داکۆکیکردن بوو تەنها لە خودی خۆی لەدژی ئەوانەی ویستیان بیکوژن لە شیعە ، کە ئەو کاتە ئیانویست بە کوشتنی سەددام دەسەلات بگرنەدەست ، و چاوەڕوانی نەکرا تا دادگاییەکەی هەمووی بگاتە کۆتایی و سزای تاوانەکانی تری وەرگرێت ، و بەپێی یاسا بە سزای گەورەترین تاوان کە ئەنفالە سزا بدرێت..
- هەروەها هەروەک هەندێ لە چاودێران بۆی دەچن گوایا باڵی جیابۆوەی ناو حیزبی بەعس ئەوانەی کە ناڕازی بوون لە هەموو کردارەکانی سەددام حوسێن درێژایی ساڵەکانی

حوكمڕانی ئەوانەش پێیانخۆش بوو سەددام لە سێدارەدا ، بە ئامانجی ئەوەی جارێکی تر حیزبی بەعس بەبەرگێکی ترەوە بخەنەوە ناو ژیانی سیاسی عێراق ، لە هەوڵیاندا بۆ ئەوەی سەددام و داروودەستەکەی بکەنە ئەنجامدەری سەرەکی هەموو تاوان و نەهامەتی کەبەسەر گەلانی عێراق هاتووە ، وەهەروەها بۆ پاکردنەوەی حیزبی بەعس لەو هەموو تاوانانەی کە سەددام حوسێن بەناوی عوروبە و بەعسەوە ئەنجامی داون درێژایی 37ساڵی حوکمڕانی..

- ئەوانەی خۆیان بە میراتگری شەرعی سەروەت و سامانەکەی سەددام حوسێن ئەزانن سەددامیان لەسێدارەدا بەبێ لەبەرچاوگرتنی مەینەت و ئازار و برینەکانی دڵی میللەتی زیانلێکەوتوو و دڵی کەسوکاری شەهیدان و سەدان هەرزار خێزانی نەگبەت و زیانلێکەوتوو و چەندین ملێۆن شەهید و قوربانی رێگەی رزگاری لە رژێمە خێوناویەکەی..
- ئەوانەی هەر خۆیان بەتەنها و تەنها بە قوربانی دەستی سەددام و رژێمە خوێناویەکەی ئەزانی ئەوان سەددامیان لەسێداردا ، نەک میللەت و خەڵکی قوربانی سیاسەتە گڵاوی و ئاسنینەکەی ، کەشیعەن ، ئەوان سەدامیان لەسێدارەدا..

ئاهی میللەتی کوردیش ئەمێنێت و زامی دڵی کەسوکاری شەهیدەکانمان تازە هیچ شتێک سارێژی ناکات ، چونکە ئەو رۆژەمان نەبینی سەددام بە تاوانەکانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە و گۆڕە بەکۆمەڵەکان و سووتاندنی 4500 دێ و هەزاران هەزا شەهید و لەسێدارەدراو..

کەواتە شیعە سەدامی سوننیان لەسێدارەدا ، نەک کورد و میللەتەکانی تری عێراق...

تێبینی:

* ئەم وتارە رۆژی دووشەممە رێکەوتی 15 جەنیوەری 2007 لە رۆژنامەی (کوردستان راپۆرت) کە لە هەولێر بەچاپ دەگات بڵاوبۆتەوە..